

# نائازادیی تاکەکەسی ئازاد

## زیگمۆند باوەمن

وەرگێڕانی: ئالان ڕەشید

کاتێک دەتوانین ئەوەی حەزمان لێیە بیڵێین ئەوا مانای وایە ئەم وڵاتە ئازادە، ئێمە ئەم گوزارشتە بەکاردەهێنین و گوێمان لێی دەبێت، زۆرجار بۆی ناوەستین یان بیر لە واتاکەی ناکەینەوە، پێموایە لەخۆیدا بەڵگەنەویستێکی ڕوونە و خۆی تەفسیرکەری خۆیەتی، ئەم دەستەواژەیە کێشە بۆ تێگەیشتنمان و تێگەیشتنی هاوڕێکانمان دروست ناکات، بەو واتایەی ئازادی وەکو ئەو هەوایە وایە کە هەڵدەمژین، ئێمە ناپرسین ئەم هەوایە چییە، کات بە قسەلێکردن و مشتومڕکردن و بیرلێکردنەوەیەوە بەفیڕۆ نادەین، مەگەر هەر لە قەرەباڵغی یان لە پۆلی خوێندندا ئەمە بکەین و ئەوکاتیش هەست دەکەین بە زەحمەت هەناسە دەدەین.

ئەم کتێبەی بەردەستمان «ئازادی» لەسەر ئەوە کار دەکات پیشانی بدات کە ئەو شتەی کە خۆمان بە ڕوون و ئاشکرای دادەنێین (هەمیشەیش هەر وامان داناوە) بەو جۆرە نیە کە بۆی دەچین، ڕوون و ڕۆشنییە ناسراوەکەی تەنیا لە بەکارهێنانە دووبارەکەیەوە هاتووە، هەروەک دەبینین خراپ بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە مێژووی دوورودرێژی نابەردەوامی هەیە کە بە دەگمەن باسی دەکەین، ئەم مێژووە شتێکی زۆر ناڕوونە، ناڕوونتر لەوەی کە تاقەت و ئامادەییمان تێدا بێت قبوڵی بکەین. بە کورتی، بۆ ئازادی شتانێکی لەوە زیاتر هەن کە چاو دەیبینێت.

با بۆ ساتێک بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەستەواژەیەی کە پێی دەستمان پێکردن، کەواتە ئەگەر بە بایەخ و بە پێداگرییەوە گوێ بۆ ئەم دەستەواژەیە بگرین چیمان پێدەڵێت؟

یەکەمجار پێماندەڵێت لە حاڵەتی ئازادیدا، ڕەنگە من و تۆ لەژێر بارودۆخی جیاوازدا کار بکەین کە یان مەحاڵە یان مەترسیدارە، ئێمە دەتوانین بە بێ ترس لە سزا و زیندان و ئەشکەنجە و چەوساندنەوە، ئەوە بکەین کە ئارەزوومان لێیەتی یان دەمانەوێت بیکەین. لەگەڵ ئەوەیشدا، با سەرنجی ئەوە بدەین کە گوزارشتە بێدەنگەکە لەبارەی ئەوەوەیە کە چۆن کردەکەمان کاریگەر دەبێت. «وڵاتی ئازاد» دەستەبەری ئەوە ناکات ک ئەوەی دەیکەین دەگەیەنرێتە ئامانج، یان ئەوەی دەیڵێین قبوڵ دەکرێت. لە ڕاستیدا، ئەوەی کە دەستەواژەکە بە شاراوەیی ڕێگەی دەدات ئەوەیە کە حەقیقەت یان حیکمەت لە گوزارشتەکانمان بەمەرجی دروستکردنیان نییە، کردەیش مەرج نییە ماقوڵ بێت ئینجا ڕێی پێبدرێت.

هەر ئەم دەستەواژەیە پێمان دەڵێت ژیان لە وڵاتێکی ئازاد واتای ئەوەیە مرۆڤ شتانێک لەسەر بەرپرسیارێتی تایبەتی خۆی بکات. مرۆڤ ئازادە لە بەدووکەوتنی ئامانجەکانی خۆی (بەدواچوونی بەختی وەدیهاتنیشیان)، بەڵام مرۆڤ ئازادە لەوەی هەڵەیش بکات، جاری وایش هەیە یەکەم لەگەڵ دووەمدا بە یەک سیفەت دێن. ئازاد بیت واتای ئەوەیە دەتوانیت لەوە دڵنیابیت کە هیچ کەس ڕێگریت لێناکات لە کردن یان ئەنجامدانی ئەو کار و کردەیەی کە دەتەوێت بیکەیت. بەڵام تۆ هیچ لەوە دڵنیا نیت کە ئەوەی ئارەزووتە بیکەیت یان ئەنجامی بدەیت، ئەو سوودەت بۆ دێنێت کە بە تەواوەتی لەم کارەی چاوەڕوان دەکەیت. دەستەواژەکە ئەوە دێنێت بە زەینماندا کە تاکە شتێکی گرنگ لەوەی بە ئازاد دابنرێیت و وات لێدەکات وەها بمێنیتەوە، بریتییە لە بوونی «کۆمەڵگەی ئازاد»؛ واتە کۆمەڵگەی تاکەکەسە ئازادەکان، کە لێت حەرام ناکەن یان ڕێت لێناگرن لەوەی بە گوێرەی ئارەزووەکانت ڕەفتار بکەی و لەسەر ئەم کارەیش ڕوبەڕوی ئەشکەنجەت ناکەنەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا پەیامەکە لێرەدا ناڕوون و سەرلێشێوێنەرە، هەر بە ڕاستیش نەبوونی حەرامکردن یان قەدەغەکردن و نەبوونی سزای تەمێکەرانە، مەرجێکی پێویستە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە گوێرەی ئارەزووەکانی کار بکات بەڵام ئەمە بەس نییە. ڕەنگە تۆ ئازاد بیت لەوەی هەر چۆن دەتەوێت لە وڵاتەکەت بڕۆیت، جێی بهێڵیت، بەڵام پارەت نییە بۆ کڕینی بلیتی سەفەرەکەت،

ڕەنگە تۆ ئازاد بیت لە گەڕان بە دوای بەهرەکاندا لە بواری بژاردەکانی خۆتدا، بەڵام دەبینیت کاتیک دەتەوێت بخوێنیت هیچ شوێنێک نەماوەتەوە؛ ڕەنگە بتەوێت کار لە وەزیفەیەکدا بکەیت کە خۆت بۆت گرنگە، بەڵام ئەم وەزیفەیە لە بەردەستدا نابینیت و بۆت ناگونجێت، ڕەنگە ئەوە بڵێیت کە حەز دەکەی بیڵێیت، کەچی بۆت دەردەکەوێت هیچ ڕێگەیەک نییە وا لەخۆت بکەی قسەکەت بیستراو بێت. بەم جۆرە، ئازادی نەبوونی دیسپلین و کۆتوبەندەکان نییە، بەڵکو شتێکی زیاترە؛ ئینجا بۆ ئەوەی شتێک بکەیت و ئەنجام بدەیت پێویستت بە کەرەستە دەبێت، گوزارشتەکەیشمان بەڵێنی ئەم جۆرە کەرەستانەت پێنادەن، بەڵام – بەشێوەیەکی هەڵە- دەوترێت گوایە ئەمەیان گرنگ نییە.

لە دەستەواژەکەماندا زیاتر لە پەیامێک هەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بە هەوڵێکی تۆزێک زیاترەوە بیخوێنیتەوە، ئەوەیش لەبەرئەوەی دەستەواژەکەمان چ بە ئاشکرا و چ بە شاراوە، جەخت لەسەر پەیامێک ناکاتەوە یان نکوڵی لێناکات، بەڵام هەر بە سادەیی گریمانەیە، مرۆڤ دەتوانێت بە بێ مشتومڕ گریمانە دروست بکات. بەڵام ئەوەی لە گوزارشتەکەماندا گریمانەی دەکەین، ئەو دەرفەتە دیاریکراوەیە کە بۆمانی دەڕەخسێنێت، واتە دەرفەتی ئەوەی مرۆڤ دەتوانێت ئەوە بڵێت کە ئارەزوویەتی و ئەوە بکات کە بە ڕاستی دەیەوێت. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو تاکەکەسە دەبێتە مرۆڤێکی وەها، نێر بێت یان مێ -وەک بڵێی هەر بە سروشت- سەرداری کارەکانی و هزرەکانی خۆیەتی و سەرچاوەی ڕاستەقینەیانە، مرۆڤ خۆی هەڵیدەبژێرێت چۆن بێت، ڕەنگە مرۆڤ ئایدیا تایبەتییەکانی خۆی پێکبهێنیت و دایان بڕێژێت، هەرچییەکی دەوێت بە گوێرەی مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆی بیانکات.

ئەم وێنەیە بۆ تاکەکەس (نێر یان مێ)، لە پاڵنەرەکانییەوە بۆ کردە و کردەوەیەکی مەبەستدارانە و خوازراوەوە ئاراستە وەردەگرێت، کردەیش لای داهێنەر دەشێت گریمانەی ئەوە بکات کە بەهەمیشەیی لە هەستی هاوبەشی جۆری ئەو کۆمەڵگەیەی وا تێیدا دەژین، جێگیرە. بە کردەیی ئەمە شێوازی بیرکردنەوەی هەموومانە لەمەڕ خەڵک و ڕەفتارەکانیان، ئێمەیش پرسیاری ئەوە دەکەین مەبەستی لەمە چی بوو؟ هێشتایش کێ بکەرە؟ لە پێناو چیدا ئەو کارە دەکات؟ بەم جۆرە وا گریمانە دەکرێت کە کردارەکان، کاریگەری هۆکارەکانی مەبەست و ئامانجی بکەرە، ئەمەیش وا لە مانای کردار دەکات کە مرۆڤ تەنیا پێویستی بە بەردەوامێتی ئەم جۆرە مەبەست و ئامانجانە هەبێت، چونکە پێمانوایە پاڵنەرەکانی مرۆڤ، هۆکارەکانی کردەکانییەتی؛ هەروەها وا دادەنێین، بەرپرسیارێتی بەرامبەر کردار وەک گشتێکی دابەشنەکراو، دەکەوێتە ئەستۆی ئەوەی کە ئەنجامی دەدات (تاکەکەسیش ناچار بە کردنی ئەوە نەکراوە کە کردوویەتی- واتە ئەو ئازادە).

وا بۆمان دەردەکەوێت هەستی هاوبەش پشتیوانی بیروباوەڕەکانمانە (واتە بەهۆی بۆچوونی هەر تاکەکەسێکی دیکەوە)، زۆر باش دامەزراوە، خۆی ڕوون و ئاشکرایە؛ لەبەر هەموو ئەمانە بۆمان نییە بیخەینە ژێر پرسیارەوە و لە ڕاست و دروستییەکەی بکۆڵینەوە. ئێمە ناپرسین ئەم جۆرە بیروباوەڕوانە لە کوێوە هاتوون، یان سەرەتا لە کوێوە دەرکەوتوون، ناپرسین جۆری ئەزموونە ئەنتاگۆنیستییەکانی ڕەوایەتییە عەقڵییەکەی چییە. ڕەنگە بە تەواوەتی ئاگاداری پەیوەستیی نێوان بیروباوەڕەکانمان و سیفەت و ئەدگارە زۆر تایبەتییەکانی کۆمەڵگە سەرمایەدارییە مۆدێرنە خۆرئاواییەکەمان بین، لەگەڵ ئەوەیشدا نازانین ئەو ئەزموونەی کە هەمیشە بەڵگەی نوێ بۆ بیروباوەڕەکانمان دەخاتە بەردەست، لە چوارچێوەی کاری یاساییەوە پەیدا دەبێت کە ئەم کۆمەڵگە تایبەتییە خۆی بۆ ژیانی مرۆیی داناوە، ئەم یاسا دیاریکراوە ئەوەیە کە بە بوونەوەری مرۆیی دەڵێت تاکەکەس،

وەک بابەتی مافەکان و ئیلتیزامات و بەرپرسیارێتییەکان کە تەنیا تاکەکەس خۆی دەبەستێتەوە بە بەرپرسیارێتی کارەکانییەوە، تەنیا خۆی بەرپرسی کارەکانییەتی؛ یاسایش کردە وەها پێناسە دەکات کە جۆرێکە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار کە مەبەستی بکەر یان ئەنجامدەرەکەی لە خۆ دەگرێت، وەک هۆکاری سەرەکیی کردەکەی و هەر بەویش تەفسیر دەکرێت، هەر ئەم یاسا دیاریکراوە ئەوە تەفسیر دەکات کە بە گوێرەی ئەو ئامانجەی بکەر بۆ خۆیی داناوە، ئەنجام دراوە. بەرهەمی ئەو ئەزموونەی کە پشتیوانی لە بیروباوەڕەکانمان دەکات و جێگیری دەکات، بەشێوەیەکی ئاسایی تیۆری یاسایی نییە (زۆربەمان هەرگیز تیۆری یاساییمان نەبیستووە)، بەڵکو ئەو مومارەسە هەیە کە تاکەکەس پەیڕەوی لی دەکات -وەک ئەوەی تاکەکان بە ناوی تایبەتی خۆیانەوە گرێبەستەکان واژوو دەکەن و ئیلتیزام دەخەنە سەر خۆیان، بەرپرسیارێتی کردارەکانیان هەڵدەگرن، ئێمە وایدەبینین ئەمە لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێک ڕوودەدات، لەبەرئەوە دەرفەتی ئەوەمان نییە سەرنج لە خاسیەت یان تایبەتمەندی مومارەسە بدەین، ئێمە پتر وەک شتێک دەیبینین، ‹‹سروشتی ڕوونی شتەکان››، چییەتی گشتێتی جێگری بوونەوەرە مرۆییەکان.

کۆمەڵناسی لە بەشێکی زۆری مێژووی خۆیدا لە بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکانمان جیهانیتر نەبووە، کە ئەو حەقیقەتە کۆمەڵایەتییانەی وا مرۆڤ دەیانخولقێنێت بەهێزتری دەکات، هەر لەنێو ئەزموونی کۆمەڵگەی مۆدێرنی سەرمایەدارییشەوە بوو کە کۆمەڵناسی بەشێوەیەکی سەرەکی سەریهەڵدا و کێشەکانی ئەم ئەزموونەی خستە سەر ئەجنداکان. ئیدی ئەزموون و هەروەها گوتارییش هاتنە گۆڕێ کە هەر لەپێشەوە، بیروباوەڕە هاوبەشەکانیان هەڵگرتبوو، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو شرۆڤەیشیان دەکردن، ئەمەیش ئەو شتە بوو کە پێشتر ئەزموونی ماقووڵی دەربارەی خاسیەتە تایبەتییەکانیان دروست کردبوو، ئەم کارەیشیان بەشێوازێکی پتەو و بەهێز کرد. لەبەرئەمە کۆمەڵناسەکان هەوڵدەدەن بیر لەوە بکەنەوە فۆڕمێکی سیستەماتیکی ڕێکخراو بە کۆمەڵگەکەیان بدەن، کە تێیدا کۆمەڵناسەکان پەیڕەوی لە هەستی هاوبەش بکەن، وەک کلێشە یان بەڵگەنەویستێک لەو بارەوە وەریبگرن کە تاکەکان بەشێوەیەکی سروشتی، سەرچاوەی کردەی تایبەتی خۆیانن. کردەکان بە گوێرەی ئامانج و مەبەستی تایبەتی بکەرەکانیان دروست دەبن، پاڵنەرەکانی بکەرەکە تەفسیری سەرلەبەری ڕەوتی کردە ئەنجامدراوەکە دەخاتە ڕوو. وا دەرکەوێت ویستی ئازاد هەموو تاکەکەسێک و هەر تاکەکەسێک ‹‹وەک حەقیقەتی کپ»ی جۆر و وەک بەرەنجامی سروشت، نەک ڕیزبەندیی وردی کۆمەڵایەتی، دەناسێنێت.

لەم جۆرە وێناکردن یان گریمانەیەدا، پێویستە بە تایبەتی ئامانجی کۆمەڵناسەکان زیاتر بەرەو «نا-ئازادی» بڕوات نەک بەرەو ئازادی، ئەگەر ئازادی خەڵاتی سروشت بێت، ئەوا نا-ئازادی دروستکراوێکی دەستکرد، یان بەرهەمی ڕیزبەندیی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوە، هەر لەبەرئەمە لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە دەبێتە شتێکی گرنگ. لەو میراتە گەورەیەدا کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی بۆیان بەجیهێشتووین، وا دەردەکەویت ئازادی هەندیک ناوازە بێت. لە پەیکەری سەرەکیی تیۆری کۆمەڵایەتیدا دەبینین کە بنچینە گرنگەکانی پێشمەرجی کۆمەلایەتی ئازادی، کەم و دوور لەیەک و پەراوێزین. لەلایەکەی دیکەوە، بڕێکی زۆر بایەخدان و تێبینی قووڵ هەیە لەبارەی «دیسپلین یان کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییەکان»ەوە، لەبارەی فشارەکان و کارتێکەرەکان و هێز و زۆرکاری و ناچارکردنەوە، بەم جۆرەمرۆڤ فاکتەری دیکەی دروست کرد کە پەیوەستبوو بە ڕێگریکرن لە ئازادیی -کە خەڵاتی سروشتی هەر بوونەوەرێکی مرۆیی بوو- بۆ دەرخستنی خۆی.

نابێت پێمان سەیر بێت کە بایەخێکی



Zygmunt Bauman

سـەنتراڵ بـە ئـازادی نەدرێـت و لەبـری ئـەوە تەرکیـز بخەینـە سـەر سـنوورەکانی کۆتوبەنـدەکانی؛ گریمانەکـردنی ویسـتی ئـازاد سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی دەکاتـە شـتێکی سەرسـوڕهێن. کۆمەڵناسـەکان خۆیـان لـەم گریمانەیـە ڕامـاون، بـەڵام نەیانتوانیـووە تەفسـیری بـۆ بدۆزنـەوە، لەبەرامبـەردا سـەرنجی ئەوەیـان داوە چـۆن ئـەو ڕەفتـارە مرۆییـە پەیـڕەوی لـە هەندێـک نموونـە و مۆدێـل دەکات و بەوەیـش دەبێتـە ڕەفتارێکـی ڕێکوپێـک، بـە پـاڵ ئەمەیشـەوە بەشـێوەکی فـراوان جەخـت لەسـەر بـوونی شـتک نـەزم لـە کۆمەڵگـەدا وەک گشـتێک دەکەنـەوە، ئینجـا چـۆن هەندێـک لـە کـردەکان دەشـێت زیاتـر لـە ڕووداوەکانی دیکـە ئەگـەری ڕوودانیـان هەبێت؛ دەنـا ئەگـەر هـەر تاکەکەسـێک لەنێـو کۆمەڵگـەدا تاکانـە بێـت و هـەر تاکەکەسـێک دوای ئامانجـە تایبەتییـەکانی خـۆی بکەوێـت و ویسـتی ئازادانـەی خۆی موومارەسـە بکات، ئیـدی ئـەم خۆڕێکخسـتنە لـە کوێـوە دێـت؟ ڕاسـتییەکەی کـردەی مرۆیـی کـە وا گریمانـە دەکرێـت کردەیەکـی خۆویسـتانەیە بـە ڕوونی دەردەکەوێـت، کردەیەکـی هەڕەمەکیـی نـاڕوون نییـە، ئەگـەر لایەنـە زانسـتییەکە لەبەرچـاو بگریـن کـە پاڵـی بـە کۆمەڵناسـەکانەوە نـاوە بـۆ کەشـفکردنی سـنوورەکانی ئـازادی، ئـەوا هەمـوو کۆمەڵناسـەکان لەگـەڵ بیرمەنـدەکانی دیکـەی سـەردەمی

ڕۆشنگەریدا تەنیا خواستیان ئەوە نەبووە جیهان دەربخەن، بەڵکو دەیانویست بیکەنە شوێنێکی باشتریش بۆ ژیانی خەڵکی، لەم ڕوانگەیەوە، ویستی ئازادانەی تاکەکەس خەڵاتێکی تێکەڵ بوو، لای هەر کەسێک کە تەنیا دوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بکەوێت، دەبینیت خزمەتی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان زۆر هەژارە؛ لای تاکەکەسە ئازادەکان کە هیچ چارەیەکیان نییە جگە لە پشتیوانیکردنی سیستەمێکی گونجاو لە کۆمەڵگەدا وەک کشتێک، ئەو سیستەمەیش دەبێت ببێتە بابەتی بایەخدانێکی ورد و توێژینەوەیەکی جددییش، جارێکی دیکە ئەوەی مرۆڤ پێویستی پێیەتی توێژینەوەی ئەو ڕێگایەیە کە تێیدا هەندێک لە ئامانجە تاکەکەسییەکان (کە لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە زیانبەخشن)، دەشێت دیسپلین بکرێت، ڕاست بکرێتەوە، بکوژرێت، بە تەواوەتی بچەپێنرێت. بەم جۆرە، بایەخدانی زۆر بە سنوورەکانی ئازادی، پاساوی مەعریفی و پاساوە پێوانەیی هەیە.

هەر لەبەرئەم هۆکارانە، سەرەتا پەرەسەندنی کۆمەڵناسی وەک زانستی «نائازادی unfreedom پەرەیسەند، لەبەرئەمە بایەخیی سەرەکی هەرە نزیکی هەر پرۆژەیەکی گونجاوی کۆمەڵناسی، وەک بەرنامەی توێژینەوەی زانستیی سەربەخۆ، بۆ کەشفکردنی ئەو هۆکارانە بوو کە بۆچی تاکەکانی مرۆڤ ئازادن کەچی هێشتا بەڕێگایەکی ڕێکخراوی کەمتازۆر جێگیر کار دەکەن، هەروەها توێژینەوەبوو لە هەمان ئەم پرسیارە لەڕوانگەیەکی پێوانەییەوە؛ ئەو پێشمەرجانە چین کە دەبێت هەبن یان پێکەوە کۆببنەوە تاوەکو لە ئاراستەیەکی دیاریکراوەوە هانی کرداری تاکەکەسە ئازادەکان بدەن؟

لێرەدا دەبینین چەمکەکانی وەکو چین، هێز، هەژموون، کۆنترۆڵ، دەسەڵات، بەکۆمەڵایەتیکردن، ئایدیایۆلۆژیا، کولتوور، پەروەردە، بە هەموویان نەخشەیەکی سۆسیۆلۆژییان بۆ جیهانی مرۆیی ڕێکخستووە، ئەوەی ئەم چەمکانە و چەمکە هاوشێوەیەکانی دیکەیان بەشێوەیەکی هاوبەش هەیانە، ئایدیای فشاری دەرەکییە کە سنووریک بۆ ویستی تاکەکەس یان بۆ دەستوەردان لە کردەی ڕاستەقینەوە دەکێشێت (وەک شتێکی دەرەوە یان جیاواز لە کردەی ویستراو و خواستراو). سیفەتی هاوبەش لە دیاردەکاندا ئەوەیە کە ئەم جۆرە چەمکانە چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت ئاراستەی کردەکانی تاکەکان بگۆڕن، بەراورد بەو ڕێڕەوەی کە ڕەنگە ئەو کردانە لە حاڵەتی فشاری دەرەکیدا بیگرنە بەر. کەڵەکەکردن یان زیادکردنی چەمکەکان جێگای پرسیار بوو، واتە تەفسیرێکی ڕێژەیی، یان ڕێککارییەک یان هاوسەنگییەک لە ڕەفتاری تاکەکاندا بە بانگەشەی کردە، بە گوێرەی پاڵنەر و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان. با ئەوە بە بیربهێنینەوە کە ئەم جەختکردنەوەیەی کۆتایی بابەتی توێژینەوە و تەفسیر نەبووە، گوتاری سۆسیۆلۆژی وەک گریمانەیەک هاتە ناوەوە کە لە خۆیدا ڕوون و بەڵگەنەویستە.

دەتوانین ئەو چەمکانەی کە پەیوەستن بە فشارە دەرەکییەکانەوە، بکەین بە دوو گروپی سەرەکییەوە: کۆمەڵی یەکەمی چەمکەکان بە زنجیرەی «دیسپلین یان کۆتوبەندە دەرەکییەکان» دادەنێین، ئەمەیش زۆر لە بەرەنگاری و سەختیی سروشتیی بەرجەستەی تابلۆی بەردین دەچێت کاتێک دەخرێتە بەردەم خەیاڵی هەڵکۆڵەر؛ لەوێدا دیسپلینە دەرەکییەکان فاکتەرەکانی واقیعی دەرەکییە کە مەبەست یان ئامانجەکانی تاک بۆ ئامانجە ڕێتێچووەکان یان ماقووڵەکان و ئامانجە نا-واقیعییەکان پۆلێن دەکات. ئەو هەڵوێستانەی تێیدا تاکەکەس، ئارەزوو دەکات لەمیانەی کردەکانییەوە وەدییان بهێنێت، ڕەنگە مەحاڵ بێت و ڕەنگە ئیمکانیش بێت، لەگەڵ ئەوەیشدا تاکەکەس بە ئازادییەوە دوای ئامانجەکانی دەکەوێت، بەڵام هەر کە بەر تاوێرە ڕەقەکە، یان بەر دیواری دەسەڵات و چین و ئامراز و دەزگاکانی سەرکوتکردنی سەرووی دەسەڵاتەکەی خۆی دەکەوێت، ئیدی هەوڵە باشە پێویستەکانی دادەڕمێن.

کۆمەڵی دووەمی چەمکەکان پەیوەستە بەو هێزە ئاراستەکەرەوە کە بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە هێزێکی سوبێکتیڤ یان ناوەکیی لای تاکەکان، بە هۆی ڕاهێنان و چاندن و کەویکردنەوە یان بە دانانی ئایدیاڵێکی زۆر ورد لە ڕێگەی خەڵکانی دووروبەرمانەوە، هەموو پاڵنەر و چاوەڕوانی و ئومێد و خولیاکانی تاکەکەسیش لە فۆرم یان شێوازێکی تایبەتدا دەردەکەوێت، لە سەرەتایشەوە ئاراستەیەکەیان بە تەواوی هەڕەمەکی نییە. بەڵکو ناهەڕەمەکیبوونی باوەڕپێکراوی نێو چەمکەکانی وەکو «کولتوور»، «نەریتەکان» و «ئایدیۆلۆژیا»یە. هەموو ئەو چەمکانە هیرارشییەت لە پەیکەری کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و پاڵنەرەکاندا دەنوێننەوە. هەموو ویستەکان ئازادن، بەڵام هەندێ ویست لەوانیتر ئازادترن. هەندێک خەڵکی کە وەزیفەی مامۆستا دەگێڕن، بە ئاگا و بێ ئاگا، لای ئەوانیتر هابیتوسە پێشوەختە مەعریفی و بەها ئاکارییەکان و تەفزیلاتەکان و بژاردە ئیستاتیکییەکان ڕاست دەکەنەوە، هەروەها ڕەگەزی هاوبەش دەهێننە نێو مەبەست و ئامانج و ئاکاری تاکەکانەوە.

بەمجۆرە کردارە مرۆییەکان ڕاست دەکرێنەوە و بەهۆی هێزە سەروو تاکەکەسییەکانییەوە، کە لە دەرەوە پێوەیان دەلکێنرێن (وەک دیسپلینەکان و کۆتوبەندەکان)، یان بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەوە پێوەیان دەلکێنرێن (وەک پرۆژیەک بۆ ژیان و ویژدان)، ڕێکدەخرێن؛ ئەم جۆرە هێزانە بەشێوەیەکی کامڵ تێبینیی ڕەفتارە مرۆییە ناهەڕەمەکییەکان دەخەنە نێو هۆکاربەندییەوە یان تەفسیری بۆ دەکەن، بەمجۆرە ئێمە پێویستیان بە پێداچوونەوە یان ڕێککردنەوەی ئەرکە سەرەکییەکانمان نییە، واتە وێناکردن یان ڕوانگەمان بۆ بوونەوەرە مرۆییەکان وەک تاکەکەسی پڕچەک بە ویستی ئازاد، کە کارەکانمان و کردارەکانمان لە ڕێگەی پاڵنەرە تایبەتییەکانیان یان ئامانج و بەرژەوەندییەکانیانەوە ڕادەگەیەنن یان دیاریی دەکەن.

با ئەوە بە بیربهێنینەوە کە کۆمەڵناسی وەک تێرامان لە جۆرێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە سەریهەڵدان، ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە ڕۆژئاوا لە سەردەمی مۆدێرنیزمدا خۆی ڕۆناوە و پەیوەستە بە سەرمایەدارییەوە. ئەو گومانەی کە دەستوور یان یاسای بوونەوەرە مرۆییەکان، وەک تاکەکەسی ئازاد پێویستە لەسەریان بە سیفەتی دیاریکراوی نێو ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە شتێک بکەن (هەڵبەت بێجگە لەوەی کە سیفەتی گشتیی جۆری مرۆییشی هەیە) کە نەشێت ڕەت بکرێتەوە یان دەستی بۆ ڕاکێشرێت؛ خۆ ئەگەر گومانەکە ڕاست بێت، ئەوا تاکەکەسی ئازاد وەک خوڵقێنراوێکی مێژوویی دەردەکەوێت و لەمەیشدا زۆر لەو کۆمەڵگەیە دەچێت کە ئینتیمای بۆی هەیە. پەیوەستەگییەکانی نێوان ئەو تاکەکەسە ئازادە و ئەو کۆمەڵگەیەی تاکەکەسەکە تێیدا ئەندامە، لەوە بەهێزتر و زەرورترە کە کۆمەڵناسی بۆیچووە؛ کۆمەڵگەی گونجاو بە بەرهەمهێنانی گەلێک لەو سنوورانە دیاریناکرێت کە تاکەکەس و سیستەمی کولتووری و ئاراستەی ئایدیۆلۆژیی قاڵبەرەکانی تاکەکەس پەیڕەوییان لێدەکەن. کۆمەڵگەیەکی لەم جۆرە کۆمەڵگەیەکی گونجاو دەبێت بۆ بوونی هەموو بوونەوەرە مرۆییەکان وەک تاکەکەسی ئازاد؛ نەک تەنیا شێوازی کارکردنی تاکەکەسە ئازادەکان، بەڵکو هەموو شوناسی پیاوان و ژنان وەک تاکەکەسانی ئازاد کە بە ئاشکرا دەناسرێن، چونکە بەهۆی کۆمەڵگەوە پێکهێنراون.

ئەستەمە لەنێو گوتارێکەوە کە بە ئەزموونێکی تەواو دیاریکراو کۆتوبەندکرا بێت، بوونی تاکەکەسێتی ئازادی دیاریکراوی مێژوویی و شوێنی دەربخرێت، زۆریش ئەستەمە من و تۆ لە هەڵوێستێکی باشی ئەوتۆدا بین کە حوکم بدەین؛ ئەوە بوونەوەری مرۆیی تاکەکەسی نییە کە ناتوانێت بە ئازادی هەڵبژێرێت، ئەو سەرقاڵە بە دروستکردن یان ڕۆنانی شوناسە تایبەتییەکەی خۆی و خۆشگوزەرانی و تێرکردنی ئارەزووەکانییەوە کە ناتوانین



بە دروستی وێنای سنوورەکانیان بکەین، ئەو مرۆڤەی کە ئاواز و دەنگدانەوەیەک لە ئەزموونی ژیانی تایبەتیماندا دەبینێتەوە، ئاژەڵێکی نەفرەتییە.

بەڵام توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژی و مێژووییەکان بەڵگەی ئەوەیان دۆزیوەتەوە کە ئەم تاکەکەسەی وا لە ڕووی سروشتییەوە ئازادە، هیچ نییە جگە لە جۆرێکی دەگمەن و دیاردەیەکی لۆکاڵی، هەموو زنجیرە ڕەوشە زۆر تایبەتییەکان پێویستبوون تاوەکو بێتە بوون، بە بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕەوشانەیش دەتوانێت زیندوو بمێنێتەوە. ڕێیتێناچێت تاکەسی ئازاد دۆخێکی جیهانی یان دۆخێکی گشتیی جۆری مرۆیی بێت، تاکەکەسی ئازاد ئەفرێتراوێکی کۆمەڵایەتی و مێژووییە. دەشێت ئەم ڕستەیەی کۆتایی بە بابەتی سەرەکی کتێبی «ئازادی» دابنێین. ئامانج یان مەبەست لە پشتی ئەم کتێبەوە، وەڵامدانەوەیە بە ڕووی قسەیەکی سەیری بەناوبانگدا، کە وایدەبینێت ئازادیی تاکەکەس (شتێکە ئێمە باوەڕی پێدەکەین یان بەشێوەیەکی سروشتی گریمانەی دەکەین، وەک سیفەتێک کە دەشێت بێهودە بێت یان گەمە بێت، بەڵام هەمیشە هەبووە) وەک شتێکی سەرسوڕهێنەری دیار کە دەبێت لەپێناو ئەوەی تێگەیشتراو بێت دەبێت تەفسیر و شرۆڤە بکرێت. پەیامی ئەم کتێبەیش ئەوەیە کە ئازادیی تاکەکەس ناشێت و نابێت گریمانەیەکی باوەڕپێکراو بێت، ڕەنگە لەگەڵ جۆرێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەدا هەبێت و (ڕەنگە لەنێویش بچێت).

ئێمە ئازادی وەک پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەبینین نەک وەک خاسیەت یان سیفەتێکی تایبەتی تاکەکەس خۆی، ئەوە سیفەتێکە پەیوەندییەکی پتەوی بە جیاوازییەکی زەقی نێوان تاکەکانەوە هەیە، ئەو جیاوازییەی کە واتای لێکدژیش سەبارەت بە هەندێ مەرج یان بارودۆخی تری ڕابردوو و ئێستا دروست دەکات. ئیمە پێمانوایە بوونی تاکەکەسە ئازادەکان ئاماژەیە لەسەر جیاوازی باردۆخەکان لەنێو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، لەوەیش زیاتر لە جێگیرکردن و سەقامیری ئەو جیاوازییەدا ڕۆڵ دەگێڕێت و بەرهەمی دەهێنێتەوە.

وایدەبینین ئەو ئازادییەی کە بەشێوەیەکی تەواوەتی وەک بارودۆخێکی گشتیی یان جیهانیی مرۆیی بڵاوبۆتەوە، بە ڕێژەیی لە مێژوویی جۆری مرۆییدا

شتێکی نوێیە، شتێکی نوێیە کە بە توندی پەیوەستە بە هاتنی مۆدێرنە و سەرمایەدارییەوە. پێمانوایە ئازادی لەو ساتەدا دەتوانێت ئەم بانگەشەی ئەم جیهانێتییە بکات کە مانایەکی تایبەتی وەربگرێت و ئەم مانایەیش پەیوەندییەکی نەپساوەی بە هەلومەرجەکانی ژیان یان بارودۆخەکانی ژیانەوە هەبێت لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، کە بە تایبەتی ناوەڕۆکە مۆدێرنەکەی لەوەدا دەبینێت مرۆڤ توانای ئەوەی هەبێت سەروەری چارەنووسی خۆی بێت، ئەوەیش پەیوەستە بە شێوازی لەدایکبوونییەوە لای ئەوانەی کە پێشتر سەرقاڵ بوون بە دروستکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە، کە سیفەتێکی زۆر تایبەتی چاخە مۆدێرنەکانە.

ئێمە پێمانوایە ئازادی لە کۆمەڵگەکەماندا پێشمەرجێکی زەرورییە بۆ تەواوکاریی کۆمەڵایەتییەکی پێکەوەگونجاو و، بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ڕێکخراو، ئەوە مەرجێکە بە بەردەوامی بەشێوازی کۆمەڵگەی پێرفێکت و سیستەمی کار بەرهەم دەهێنرێتەوە، ئەم سەنتراڵیزمەی ئازادیی تاکەکەسی لینکێکە کە پێکەوە ژیانی تاکەکەس و جیهان و کۆمەڵگە لێکتر دەبەستێتەوە، سیستەمی کۆمەڵایەتییش گۆڕانی مۆدێرنی ئازادی، دوور لە بواری بەرهەمهێنان و هێز، دەگەیەنێتە بواری بەکاربردن؛ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئازادیی تاکەکەسی وەک ئازادیی یەکەم تەماشاکراوە، لە پلەی یەکەمیشدا ئازادیی بەکاربەر، ئەوەیش پەیوەستە بە بوونی بازاڕی چالاکەوە، جار لەدوای جاریش جەخت لەسەر مەرجی ئەم جۆرە بوونەی بازاڕی چالاک دەکاتەوە. لە کۆتاییدا دەرەنجامەکانی ئەم فۆڕمەی ئازادی بۆ ڕەهەندەکانی دیکەی واقیعی کۆمەڵایەتی کەشف دەکەن، لەسەروو هەموو ئەوانەیشەوە سیمای سیاسەتی هاوچەرخ یان ڕۆڵی دەوڵەت؛ هەروەها بۆمان دەردەکەوێت کە لەگەڵ ئیمکانیەتی ئازادیی سەقامگیری تاکەکەسیدا بە فۆڕمە بەرخۆرییەکەی، دەوڵەت بەو ئاقارەدا دەڕوات خۆی لە ئەرکە نەریتییەکانی خۆی دوور بخاتەوە کە دووبارە بە کاڵاکردنەوە (recommodification)ی سەرمایە و کار بوو، لەگەڵ ڕۆنانی یاسایی کۆنترۆڵ و هەژموونیدا -یەکەمیان هەتابێ کەمتر پەیوەندییەکەی بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سیستەمەوە کەمتر دەبێتەوە، دووەمیشیان لە فۆڕمی نا-سیاسیدا لە ڕێگەی بازاڕی بەکاربردنەوە هەڵدەوەشێتەوە. دووەمین ئیمکانیەتی ئاشکرا پەیوەندیی هۆکارەکی نێوان پوکانەوە یان هەڵوەشانەوەی وەزیفەکانی دەوڵەتە، سەربەستبوونی زیاتری دەوڵەتە لە بەڕێوەبردن یان دیسپلینی دیموکراسی و کۆمەڵایەتی، هەوڵدەدەین لە دەرکەوتنی ڕیزبەندیی کۆمەڵایەتی وەک سیستەمێکی دروست تێبگەین لەبری ئەوەی وەک نەخۆشی یان بێ نەزمی یان لەلایەکی ترەوە بە فۆڕمێکی تەواو نەخۆشی کۆمەڵگەی سەمایەداریی مۆدێرنی بەرایی، لێی بڕوانین. بە کورتی ئێمە لێکۆڵینەوە لە لۆژیکە ناوەکییەکەی فۆڕمی سۆشیالیستی کۆمەڵگەی مۆدێرن دەکەین، هەروەها لێکۆڵینەوە لە دەرەنجامەکانی نەبوونی ئازادیی بەرخۆریی بۆ دۆخی تاکەکەس دەکەین.

**سەرچاوە:**

**زيجمونت بومان: الحرية، ترجمة: د. فريال حسن خليفة، مكتبة مدبولي، 2012، صص 15-25.**